www.alibapir.net

وتاری فکری سیاسی

کۆنگرەی سێیەمی کۆمەڵی ئیسلامی

ameer.maktab@yahoo.com
/AliBapir /AliBapir /MediaAmeerOffice
www.alibapir.net

عەلی باپیر

٢٠١٥ ز ١٤٣٦ ك

www.alibapir.net

ameer.maktab@yahoo.com

/AliBapir /AliBapir /MediaAmeerOffice

www.alibapir.net

وتاری فیكریی سیاسی

كۆنگرەی سێیەمی كۆمەڵی ئیسلامی

٣٠ / ٥ / ٢٠١٥

عەلی باپیر

www.alibapir.net

ameer.maktab@yahoo.com

/AliBapir /AliBapir /MediaAmeerOffice

www.alibapir.net

www.alibapir.net

بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

ناوی کتێب : وتاری فیکریی سیاسیی کۆنگرەی سێ یەمی کۆمەڵـی ئیسلامیی

نووسـەر : عەلـی باپیـر

بـەرگ : عزالدين محمد عمر

دیزایـن : عزالدين محمد عمر

سـاڵی چاپ : ٢٠١٦ ز – ١٤٣٧ ك

تیـراژ : (١٠٠٠) دانە.

ameer.maktab@yahoo.com

/AliBapir /AliBapir /MediaAmeerOffice

www.alibapir.net

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانەکان ژمارەی سپاردنی (٤٥٩)ی ساڵی (٢٠١٦)ی پێ دراوە

پێشەکی

الحمـدلله رب العالـمين ، والصلاة والسلام والبركـات علـى محمـد النبـي الخـاتم المبعـوث رحمـة للعالـمين ، وآلـه أجمعـين ، مـن الصـحب والأزواج والقرابـة والتـابعين لـهم بإحسـان إلـى يـوم الدين.

بەڕێـزان !

خوشك و برایانی خۆشەویستم !

مشورخۆرو دڵسۆزانی کـاروبڕۆژەی ئیسـلامیی لـەبازنـەی کۆمـەڵی ئیسـلامییدا .

ئەوەی بەردەستتان دەقی وتارەکەی بەندەیە ، کەلە کۆنگرەی سێیەمی کۆمەڵی ئیسلامییدا پێشکەشم کـرد، کـە لـە ڕۆژانـی : (٣٠و٣١/ ٥و ١/ ٦/ ٢٠١٥)دا بەسـترا .

هیوادارم بە وردیی بیخوێننەوەو، لە هەموو ڕوویێکەوە مایەی بەهرەمەندبوون و بەرچاو ڕوونبوونەوەتان بێ، لەم ڕۆژگارە پڕ گرفتاریی و تەنگ و چەڵەمەی جۆراوجۆرو ئێش و ژان و ناڕەحەتییەدا.

هەمووﻻیەکیشتان دڵنیا دەکەمەوە کە تەنگانە بەری کورتە، پاش هەوراز نشێوەو، خۆڕاگریی و نەلەخشاوییمان لەسەر ڕاستەڕێی ئیسلام و، پابەندییمان بەیاساکانی شەریعەت و، ڕازانەوەمان بەڕەوشت و ئاکارە بەرزو پەسندەکانی، دەستەبەرکەری سەرکەوتن و سەربەرزیی دنیاو، سەرفرازیی و بەختەوەریی ڕۆژی دوایی مانن.

١١/ ڕەمەزان / ١٤٣٧ک
١٦/ ٦ / ٢٠١٦ز
هەولێر

www.alibapir.net

ئامادەبووانی بەڕێز ، برایان و خوشکان!

السَّلامُ عَلَيْكُمْ وَرَحْمَةُ اللهِ وَبَرَكَاتُهُ

بێگومان کۆنگرە ، ئەم کۆنگرەی سێیە ، وە هەر کۆنگرەیەکی دیکە ، بۆ ئێمەی مسوڵمان و ئیسلامیی ، بەرجەستە کردنی فەرمانی خوایە ، کە دەفەرموێ :

﴿ ... وَأَمْرُهُمْ شُورَىٰ بَيْنَهُمْ ... ﴿٣٨﴾ ﴾ الشورى

واتە: کاروباری مسوڵمانان دەبێ بە ڕاوێژ و پرس و ڕا بە یەکدی بێ .

لە ئیسلامدا هیچ کەس سەرچاوەی دەسەڵات نییە بەتەنیا ، بەڵکو مسوڵمانان هەموویان خاوەنی دەسەڵاتن ، هەموو دواندنەکانی قورئانی خوای پەروەردگار تێیاندا ڕوو دەکاتە خەڵك ، وە ڕوو دەکاتە ئەهلی ئیمـــــان ، ﴿ يَٰبَنِيٓ ءَادَمَ ﴾ ، ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ ﴾ ، ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ ﴾ ، وە کۆنگرە وێستگەیەکە بۆ چاو بەخۆدا گێڕانەوە : لە ڕابردوودا چیمان کردوە؟ ئەو هەوراز و نشێوانەی بڕاون ، چەند تێیاندا سەرکەوتوو بووین؟ لە کوێدا شکستمان هێناوە؟ ، لە کوێ کرچ و کاڵیی و هەڵەمان هەبووە؟ کە پێویست دەکا چاوی پێدا بگێڕینەوە و چاکی بکەین .

www.alibapir.net

هەروەها کۆنگرە ، بەرنامەو نەخشــە دانانە بۆ ڕابردوو .

لێرەشەوە من دەمەوێ یــادی هەموو ئەو بەڕێزانە بکەمەوە کە لەم کــارو کاروانەدا ، لە ڕابردوودا بەشدار بوون ، بە تایبەت ئەوانەی بەرەو ڕەحمەتی خوا چوون ، چ ئەوانەی کە شەهید بوون ، چ ئەوانەی بە مردنــی ئاســایی مردوون ، هەموویان بە ئیکرا ، بەتایبەت بــرای بــەڕێزمان مامۆســتا شــێخ موحەممەدی بەرزنجی ، پێشــەوای کۆمەڵی ئیســلامیی ،هەروەها مامۆستای ناوداری کوردستان : مامۆستا شێخ صــدیقی سەرگەتیی ، هەروەها باقی بــرا ســەرکردەکانی دیکەمان ،مامۆســتا عەبــدوڵلای قەســرێ ، وە چــوار پاسەوانەکەی ، وە مامۆستا ناصــیح ، وە مامۆســتا موحەممــەد ســەنگاویی و کاك صلاح ، وە برا فەرماندەو برا پێشمەرگەکان ، ئەوانەی کە لە مووشەك بارانەکەی ئەمریکادا گیانیان بەخت کرد ، ئومێد وایە خوای بــەروەردگار بە شەهیدی وەرگرتبێ ، وە هەموو ئەوانەی کە لەو کاروانەدا ڕۆیشتوون ، بــێش ئیعلانــی کۆمــەڵی ئیســلامیی و دوایــش ، لــە خــوای بــەروەردگار داواکارین ، بــە باشــترین شــێوە پاداشــتیان بداتــەوە ، کــەم ئەندامــەکان ، بریندارەکان ، کەسوکاری شەهیدەکان ، ڕێزو حورمەتمان بــۆ هــەموویان هەیە ، لە خوای بەروەردگار داواکارین بەباشترین شێوە پاداشتیان بداتەوە ، وە یارمەتیشمان بدات کە ئێمەش لەسەر ئەو ڕەوت و ڕێبازە بەردەوام بین و ڕێبکەین تاکو ئــاوات و ئامانجەکانی ئەوان کــە دەیانویســت لــە دنیــادا بــۆ خەڵك و میللەتیان بۆ دین و ژینیان ، تەحقیقیــان بکــەن ، بیانهێنینــە دی .

بەڕێزان !

ئەم كۆنگرەیە وەك باس كرا، لە هەل‌و مەرجێكی ناسك‌و دژواری هەرێمی كوردستان‌و عێراق‌و ناوچەكەشدا دەبەسترێت، بۆیە پێویست دەكا خوا پشتیوان بێ، هەموو لایەك بە گیانێكی بەرپرسانەوە ، بەرپرسانە بەرامبەر بە خوا سبحانە و تعالی، ئەمجار بەرامبەر بە خەڵكی خوا، هەموو كارەكانی ئەم كۆنگرەیە تەواو بكەین، من هەوڵ دەدەم قسەكانی خۆم لە سێ تەوەردا بە گوشراویی پێشكەشی ئێوە بكەم :

ameer.maktab@yahoo.com
/AliBapir /AliBapir /MediaAmeerOffice
www.alibapir.net

www.alibapir.net

تـەوەری یەکـەم

بۆچوون و هەڵوێستەکانمان

ameer.maktab@yahoo.com
/AliBapir /AliBapir /MediaAmeerOffice
www.alibapir.net

www.alibapir.net

یەکەمین شت کە دەمەوێ سەرنجی بەڕێزتانی بۆ ڕاکێشم ، ئەو گۆڕانکارییە گەورەیەیە کە لە جیهانی ئیسلامییدا بە ڕێوەیە ، ئەو شۆڕشانەی کە کران لە: تونس و ، لیبیاو ، میصرو ، یەمەنو ، سوریا ، وە ئەو جموجۆڵانەی دیکە کە هەن ، لە وڵاتانی دیکەی ئیسلامییدا ، هەموویان سەرچاوەکەیان ئەوەیە کە خەڵکی مسوڵمان تەماشای دینەکەی دەکاو تەماشای ژینی دەکا ، دیقەت دەدا ژینی لە دینی دوور کەوتۆتەوە ، میللەتێك و ئۆمەتێکی مسوڵمان ، دەبێ ژینی بەپێی دینی بێ ، بە شێوەیەك بەڕێوە بچێ کە خوا فەرمانی پێکردوە ، بۆ ئەوەی هەم بەختەوەریی دنیاو هەم سەرفرازیی ڕۆژی دوایی ، دەستبەر بکات ، ئەو شۆڕشانە دەبێ لەوێوە بۆیان بڕوانین ، بەڵام هەڵوێستی دوای شۆڕشەکان ئەو کودەتایانەی کە بەسەریاندا کران ، ئەو پیلانانەی کە لە دژیان گێڕدران ، لە میصر کودەتای سەربازیی کرا ، وە لە لیبیاو یەمەنو سووریاو تونس ، کێشەی لابەلاو ناکۆکیی دروستکرا ، هۆکارەکەی ئەوەیە کە دنیای ئەمڕۆ ، بە سەرکردایەتیی زلهێزان ، نایانەوێ ئیسلام قەوارەی ڕاستەقینەی خۆی هەبێ ، نایانەوێ مسوڵمانان لە ژێر سایەو سێبەری شەریعەتەکەیاندا بژین ، بۆیە هەوڵ دەدەن ، ئەو هەوڵە ئیسلامییانە لەبار بەرن ، ئەوەی میللەتان دەیکەن ، هەوڵی خۆڕسکن ، دەستیان لە پشتەوە نیە ، جگە لە ئیرادەی خەڵك ،

www.alibapir.net

بەڵام زلهێزان و ناحەزانی ئیسلام ، هەوڵ دەدەن لەبارییان بچوێنن، بۆ ئەوەی خەڵك بەرامبەر بە ئیسلام و تەوژمی ئیسلامیی نائومێد بین، وە پێی وابێ کە ئیسلام ناتوانێ گرفت و کێشەکانیان چارسەر بکات، بەختەوەریی دنیایان بۆ دەستەبەر بکات، بەڵام ئێمە دڵنیاو پشت ئەستوورین بەرامبەر بە دینی خۆمان، ئێمە پێمان وایە کە خوای کاربەجێ، یەکەم مرۆڤ کە ئادەم بوو لەسەر ئەم زەوییە دایناو، لەگەڵ هاوسەرەکەی حەواو سەلامی خوایان لێبێ، بێبەشی نەکردن لە هیدایەت و ڕێنموونیی خۆی، بۆ ئەوەی بە شێوەیەك ژیانی سەرزەوی بگوزەرێنن، کە دوایش شایستەی ئەوە بن بگەڕێنەوە ئەو شوێنەی بەهۆی هەڵەو تاوانەوە، لێی دەرکران، کە بەهەشتە، خوای پەروەردگار ئەو شەریعەتانەی ، کە بە پێغەمبەراندا سەلامی خوایان لێبێ، ناردوونی، بۆ ئەوە بووە کە خەڵك ئەم ژیانی دنیایە بەختەوەرانەو بە ڕێك و پێکیی و پاك و چاك بگوزەرێنن، بۆیە ئەو شەریعەتە خواییە، ئەو وەحییە خواییە، ـ بەتایبەت ئەوەی کە بێ دەستکاریی ماوەتەوە، کە تەنیا قورئانە، شەریعەتی پێغەمبەری کۆتاییە (صلى الله عليه وسلم)ـ هەمیشە پێویستە بۆ ئینسان، ئایا ئینسان هیچ کاتێك لە هەوا بێ نیاز دەبێ ؟ هیچ کاتێك لە ئیشتکی خۆر بێ نیاز دەبێ ؟ هیچ کاتێك دەگونجێ پێویستی بە ئاو نەبێ ؟؟

www.alibapir.net

بێگومان نەخێر، وەحی خوای بەروەردگاریش ڕووحە بۆ ژیانی بەشەر، بۆیە من لێرەوە، ئێوە برایان و خوشکانی ئامادەبووی کۆنگرەی سێیەمی کۆمەڵی ئیسلامی دڵنیا دەکەمەوە، وە هەموو مسوڵمانان دڵنیا دەکەمەوە، کە ئەم ئایینە هیچ کات کۆن نابێت، بەمەرجێ بە عەقڵێکی سەلیم و واقیع بینانە، وەك خۆی ـ ئەوەی کە وەحییەو لە قورئان و سوننەتی صەحیحدا بەرجەستەیە ـ تەماشای بکەین و ببینین، بەڵێ هەمیشە ئایین پێویستە بۆ ژین، خوای کاربەجێ لە سووڕەتی (الشوری)دا دەفەرموێ:

﴿ وَكَذَٰلِكَ أَوْحَيْنَا إِلَيْكَ رُوحًا مِّنْ أَمْرِنَا ۚ مَا كُنتَ تَدْرِي مَا الْكِتَابُ وَلَا الْإِيمَانُ وَلَٰكِن جَعَلْنَاهُ نُورًا نَّهْدِي بِهِ مَن نَّشَاءُ مِنْ عِبَادِنَا ۚ وَإِنَّكَ لَتَهْدِي إِلَىٰ صِرَاطٍ مُّسْتَقِيمٍ ﴿٥٢﴾ ﴾ الشورى.

خوا قورئانی ناوناوە: ڕووح، هەمیشە جەستە چەند پێویستی بە ڕووحە، ژینیش ئەوەندەش پێویستی بە وەحیی و بەبامی خوایە، ئەگەرنا غەریزەکان و هەواو ئارەزوو بەسەریدا زاڵ دەبن، هەرچەندە لە لووتکەی تەکنۆلۆژیا دابێ، بەڵام تەکنۆلۆژیاکەشی بەکاردێنێ بۆ زەلیلکردنی میللەتان و، بەتاڵان بردنی خێرو بێرو داگیرکردنی وڵاتان وەك ئێستا دەیبینین.

www.alibapir.net

١/ بە نسبەت گۆڕانکارییەکانی ناوخۆی عێراق و سووریا، وە هەڵتۆقینی (داعش)ەوە:

دەڵێم: لە ئەنجامی ئەوەدا کە لە سووریا چەند دەیەیەکە ڕژێمێکی تاک حیزبیی دیکتاتۆریی بەسەر خەڵکەوە حاکمەو، کابووسێکی قورسە بەسەر سینگیانەوە، خەڵکی سووریا ڕاپەڕین و لەوێ پڕۆکەی توندڕەویی چەکەرەیدا، کە دوایی لە داعشدا بەرجەستە بوو، هەروەها لە عێراقیش لە هەشت ساڵی ڕابردوودا، بە نەفەسێکی تائیفیی و بە نەفەسێکی بەڕاوێز کردنی خەڵک، بەڵکو بە هیچ دانانی خەڵک، حوکمڕانیی عێراق دەکرا، تائیفەیەک خۆی بە هەمەکارە دەزانی، نە حیسابی بۆ کورد دەکرد، نە بۆ عەرەبی سوننە، ئیدی لەو بارودۆخە نائاسایی و ناسروشتییەدا، توندڕەویی و بەڕگیریی سەریهەڵدا، ئێمە پاساو ناهێنینەوە بۆ هیچ کەسێ، کە لە سنووری شەریعەت دەردەچێ، ئەوەی کە داعش و باقی گرووپە تیرۆریست و بەڕگیرەکان دەیکەن، دەرچوونە لە شەریعەت و لەگەڵ شەریعەتدا دژ دەوەستێ، شەریعەتێک کە بۆ ئارامیی و بەختەوەریی خەڵک هاتوە، شەریعەتێک کە پێغەمبەرەکەی (صلى الله عليه وسلم) نازناوی (رَحمَةً لِلعالَمِين)ی هەیە، وەک من لە بۆنەیەکی دیکەدا گوتم[١]:

١) لەو بۆنەیەدا کە لە (٢٥/ ٣/ ٢٠١٥) لەلایەن پارێزگاری (نەینەوی)ەوە لەبارەی بارودۆخی عەرەبی سوننە بە گشتیی و موسڵ بەتایبەت سازکرا و بەتەدەش وتەیەکی پازدە خولەکیم، بە عەرەبیی تێدا پێشکەش کرد.

بیکەن بە پێوەر، خوای پەروەردگار دەفەرمووێ: ﴿وَمَآ أَرۡسَلۡنَٰكَ إِلَّا رَحۡمَةٗ لِّلۡعَٰلَمِينَ ١٠٧﴾ الأنبياء، تەماشا بکەن هەر حیزبێکی ئیسلامیی، هەر گرووپێك، هەر کەسێك هەر ئیدیعایەکی هەبێ، تەماشا بکەن، ئەگەر مایەی رەحمەت بوو بۆ خەڵك، (رَحمَةَ لِلعالَمِين) نەیفەرمووە: (رَحمَةَ لِلمُسلِمِين)، ئەوە بزانن، کە لەسەر رێی پێغەمبەرە (صلی الله علیه وسلم)، بەلاّم ئەگەر بووە مایەی زەحمەت و سەرئێشە، نەك هەر بۆ خەڵك، بەڵکو بۆ مسوڵمانانیش و بە کەسی هەڵنەکردو کەسی قەبووڵ نەبوو ـ کە داعش وایە ـ، ئەوە دڵنیا بن کە لە راستە رێی پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم) لایداوە.

٢/ بە نسبەت هەرێم و عێراقەوە:

دیارە عێراق دوای (٢٠٠٣) کە دروست بۆوە، بە بۆچوونی ئێمە بە لانەڵیی و لاسەنگیی دروست بۆوە، ئینتیما بۆ نیشتیمان و وڵات لە ئارادا نەما، ئینتیما بۆ تائیفە و بۆ خەڵکێکی دیاریکراو، بۆ هەرسێ پێکهاتەکە دروست بوو، کە ئەمریکا ئەوەی بۆخۆی ناوێ، لەوێ خەڵك ئینتیمای هەبە بۆ وڵاتەکە، بەلاّم لێرە خەڵك فێری ئەوە کرا، کە هەرکەسە ئینتیمای هەبێ بۆ تائیفە و شوێنی خۆی، ئنجا لەوێوە چەکەرەی ئەو ئاژاوەو دووبەرەکییە رووا.

www.alibapir.net

ئێمــە پێمان وایــە :

أ- یــان دەبێ بەغــدا بــە شێوەیەکی بــاش مامەڵــە لەگــەڵ هەرێمــدا بکات، چونکە ئەم هــەرێمــە بەپێی دستوور دروست بوو، وە ئەوە لای کەمی مافــی ڕەوای میللەتێکە، وە دەبێ بەغدا چاو بە هەڵەکانی خۆیدا بگێڕێتــەوە، ناشڵێین هەرێم بێ هەڵەیــە، هــەرێمیش دەبێ شەفافانەترو ڕوونتر مامەڵە لەگەڵ بەغــدادا بکــاتو، نابــێ گلــەیی بێنێتە سەرخۆیو بیانوو بداتە دەست ناوەند.

ب- یــان دەبــێ بیرێکــی دیکــە بکرێتــەوە، ئەگــەرنا بــەو شێوەیە بەردەوام بوون، هەم لە زەرەری عێراقیشە وەك دەوڵــەت، هــەم لــە زەرەری هــەرێمی کوردستانیشــە وەك هــەرێم.

٣/ بەنسبەت وڵاتانی دراوسێوە :

ئێمە وەکو کۆمەڵی ئیسلامیی پێمان وایە، ئەو چوار نەتەوەیــە کــە لەم ناوچەیەدا هەن، کــوردو، عــەرەبــو، تــورکو، فــارس، هیچ کامیــان بە ئیرادەی ئازادانەی خۆیان نەهاتوونەتــە ئێرە، وە ناشتــوانین ماڵەکانمان بگوازینەوە، بۆیە هیچ چارمان نیــە دەبــێ بەیەکــەوە تــەبا بین، پێکــەوە گونجــاو بین، وە مــن لێرەوە ڕوودەکــەمە هەرســێ نەتەوەی دراوسێ: عەرەبو تورکو فــارس، کە ئەوەی بــە خۆیــانی ڕەوا دەبینن، بەو گەلە دراوســێیەی خۆشــیانی ڕەوا ببینــن، ئەگــەر خۆتان دەوڵەتــان هەیــە، لانی کەم با گــەلی کوردیش ئۆتۆنۆمییــەکی

ڕاستەقینەی هەبێ، یان هەرێمێکی هەبێ، چونکە تۆ چیت بۆخۆت پێ چاکە، دەبێ ئەوەت بۆ برای مسوڵمانیشت پێ چاك بێ، ئەگەر مسوڵمانی!

ئنجا ئەگەر باسی مافی مرۆڤ و دیموکراسیش دەکەن، بەهەمان شێوە دەبێ ئەو کەسانەو ئەو نەتەوانەی کە یەکسانن، مامەڵەی یەکسانیان لەگەڵدا بکرێ، خوای کاربەجێش کە دەفەرموێ:

﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ إِنَّا خَلَقْنَٰكُم مِّن ذَكَرٍ وَأُنثَىٰ وَجَعَلْنَٰكُمْ شُعُوبًا وَقَبَآئِلَ لِتَعَارَفُوٓا۟ ۚ إِنَّ أَكْرَمَكُمْ عِندَ ٱللَّهِ أَتْقَىٰكُمْ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ عَلِيمٌ خَبِيرٌ ﴿١٣﴾ ﴾

الحجرات، وە بەتەئکید ئێمە دەبێ لەو ناوچەیەدا ڕێز لە یەکدی بگرین، دەبێ هێمنیی و ئاسایشی هەرکام لەم وڵاتانە بە هی خۆمان بزانین، وە دەبێ ئەوانیش هێمنیی و ئارامیی ئێمە بە هی خۆیان بزانن، وە دەبێ بگەڕێین بۆ خاڵە هاوبەشەکان و بۆ بەرژەوەندییە هاوبەشەکان.

هەر لێرەوەش باسی ئەو ئاشتییە دەکەم کە لە تورکیا لە ئارادایە، کە جێگای دڵخۆشییەو هەردوولا: هەم دەوڵەت هەم کورد لە باکووری کوردستان، پێویستە بە هیچ هۆکارێك لەم ئاشتەواییە سارد نەبنەوە، چونکە هیچ بەدیلێکی دیکەیان نییە، لەماوەی ڕابردوودا ئەزموون کرا: یەکدی کوژیی و سەنگەر لە یەکدی گرتن، بەڵایەکە بۆ هەردوولاداو برینێکە لە هەردوولاو، خوێنێکی زۆر لە هەردووك لا

www.alibapir.net

دەڕوا ، وە سەرئەنجامیش هیچ چاریان نیە دەبێ دانیشن لەسەر مێزی گفت و گۆ ، بۆیە من لێرەوە بەناوی کۆنگرەوە دەڵێم : پێویستە لە تورکیا پرۆسەی ئاشتیی تەبایی و چارسەری کێشەکان بە گفت و گۆ ، بە هیچ شتێکی دیکە نەگۆڕدرێتەوە ، وە بیر لە هیچ شتێکی دیکە نەکرێتەوە ، دیارە ئەوەش لەسەر بناغەی دادگەریی و ، ئەوە کە چیت بۆ خۆت پێ ڕەوایە ، بۆ ئەوی دیکەشت پێ ڕەوا بێ .

٤/ بە نسبەت دەوڵەتی کوردستانەوە، لە باشووری کوردستاندا :

وەك باسم کرد : ئەگەر ئێمە لەگەڵ بەغدا بگەینە ئەنجامێکی باش و بەیەکەوە بژییەین ، بە شێوەیەکی وا کە بۆ هەردوولا جێگای خۆشحاڵیی بێ ، ئەوە زۆر چاکە ، ئەگەرنا گەلی کورد حەقی خۆیەتی ، لەم باشووری کوردستانەدا بەرەو سەربەخۆیی بڕوا ، بەڵام سەربەخۆیی و ڕاگەیاندنی دەوڵەت ، بە قسەی خۆش و دروشم و شیعار نابێ ، دەبێ زەمینەسازیی بۆ بکرێ و پێشەکییەکان باش هەڵچنین ، بۆ ئەوەی ئەنجامێکی باشیان بەدوادا بێت : ژێرخانی ئابووریی ، تەبایی سیاسیی ، هێزێکی پێشمەرگەی نیشتیمانیی ، بە دامەزراوەکردنی کارەکان ، دەستوورێك کە مەرجیع بێت و کێشەکانمان بۆ یەکلایی بکاتەوە ، وە دیپلۆماسییەتێکی یەکگرتوو ، کە تەعبیر بکات لە ئیرادەی خەڵکی هەرێمی کوردستان ، نەك لە ئیرادەی حیزبێك ، هەموو ئەوانە پێویستن ، ئەگەر بیر لە

www.alibapir.net

سەربەخۆیی بکەینەوە، دیارە لە بەشەکانی دیکەی کوردستانیشدا ئێمە وەکیلی ئەوان نین، هەرکەسە بۆخۆی دەزانێ چۆن ئەو مافانەی خۆی دەستبەر دەکات، گرنگ ئەوەیە کورد وەك هەر گەلێکی دیکە، مافی خۆیەتی لە خاکی خۆی و لە نیشتیمانی خۆیدا سەربەرزانە و سەربەستانە بژیەت، ئنجا ئەو مافەی خۆی لە ئۆتۆنۆمیی ڕاستەقینەدا دەبینێتەوە، لە هەرێمێکدا دەبینێتەوە، لە دەوڵەتێکی سەربەخۆدا دەبینێتەوە، نابێ هیچ کەس نکوڵیی لەو ڕاستییە بکات، وە دەبێ دانیان پێدا بهێنرێ.

٥/ چاکسازیی لە هەرێمی کوردستاندا:

ئەو چاکسازییەی کە بڕیار بوو بکرێ، نەکراو ئاستەنگ و لەمپەری هاتە بەردەم: شەڕی داسەپاوی داعش، قەیرانی ئابووریی، پاشان کەم ئیرادەیی لەلایەن ئەو کەسانەوە کە دەبێ چاکسازیی بکەن، بەداخەوە کە پرۆسەی چاکسازیی زۆر دواکەوت، بەڵام ئێستاش ماوە، ماوە، با درەنگ نەکرێ، وە کارێك نەکرێ خەڵکی هەرێمی کوردستان تووشی نائومێدیی بکرێ، وە پێی وابێ کە: نەهێشتنی قۆرخکاریی و، گەندەڵیی و، هەیمەنەی حیزب، وە بە دامەزراوەکردنی کارەکان و، یاسا سەروەریی، گرێیەکە بەکەس ناکرێتەوە!

ئێمە ئەگەر ئیرادەی ڕاستەقینەمان هەبێ ، وە لە کەوڵی بەرژەوەندیی تاکەکەسیی و حیزبیی بێینە دەر ، بۆ فەزای فراوانی نیشتیمان بەرووەریی و خزمەتکردنی خەڵك ، بەدڵنیاییەوە دەتوانین چاکسازیی ڕاستەقینە بکەین لە وڵاتی خۆماندا .

مەسەلەی حکومەتە خۆجێییەکان لە پارێزگای سولەیمانی ، هەندێك لە کارەکان باش بەڕێوە چوون ، ئومێدەوارم تەواو بکرێن و لە پارێزگاکانی دیکەش ئومێدەوارم کە حکومەتە خۆجێییەکان بچەسپێن ، چونکە ئەوە شتێکی زۆر باش و شارستانییە ، بەرتەکردنی دەسەڵاتە ، کە ئێمە هەمیشە کوشتەی چڕ کردنەوەی دەسەڵات بووین ، بۆیە ئەگەر دەسەڵات بڵاو بکرێ ، نزیکترە لە ئازادیی و لە ئیرادەی خەڵکەوە ، بۆیە پێویستە حکومەتە خۆجێییەکان دەستی باشتریان لێ بجوولێنرێ .

٦/ پەیوەندییەکانمان :

أ- ئێمە پەیوەندییمان لەسەر ئاستی نیشتیمانیی : لەسەر ئەو بناغەیە کە هەموومان لە کەشتییەك داین و ، دەبێ ڕێز لەیەکدی بگرین و بەیەکەوە هاوکاربین و بۆ یەکدی دڵسۆز بین ، لەسەر ئەو بناغەیەش لەگەڵ هەموو لایەنەکانی دیکەی هەرێمی کوردستان و دەرەوەی هەرێمی کوردستانیش ، پەیوەندیی خۆمان بنیات ناوە .

www.alibapir.net

ب- لەسەر ئاستی تەوژمی ئیسلامیی ئێمە وەك کۆمەڵی ئیسلامیی، هەمیشە دەستپێشخەر بووین بۆ هاوکاریی و نزیکی لەگەڵ هەموو پێکهاتەکانی تەوژمی ئیسلامییدا: یەکگرتووی ئیسلامیی لەپێش هەموویانەوە، ئنجا بزووتنەوەی ئیسلامیی، تەوژمی سەلەفیی، تەوژمی ئەهلی تەریقەت و تەصەووف، کەسایەتییە ئیسلامییەکان، مامۆستایانی بەڕێزی ئەهلی مینبەر و میحراب، ئێمە هەوڵمان داوە لەگەڵ هەموویاندا باشترین پەیوەندییمان هەبێ، چونکە سەرئەنجام خۆمان لە یەك چوارچێوەدا دەبینینەوە و خۆمان بە ئەهلی ئیسلام دەزانین و، هەمووشمان ڕێبواری یەك ڕێین، بۆیە هەمووشمان دەبێ تەواوکەری کاری یەکدی بین، وە ئەم ئیسلامە مەزنە، وە ئەم خەڵك و وڵاتە هیچ کامێکمانی لێ زیاد نییە و هەموومانی پێویستە، بەڵکو دەبێ خۆمان چاکتر و زیاتریش بکەین، بۆ ئەوەی کە بەپێی پێویستیی ئەو خەڵك و وڵاتەی خۆمان بین.

٧/ پەیامێك بۆ پێشمەرگەو ئاسایش و پۆلیس:

دەمەوێ پەیامێك بۆ برا پێشمەرگەکان بنێرم، هەروەها بۆ ئەوانەش کە لە بواری ئاسایش و پۆلیسیشدا کار دەکەن، پێشمەرگەکان کە سنوورەکانمان بۆ دەپارێزن و مەترسیی لەسەر هەرێمی کوردستان دوور دەخەنەوە، وە پۆلیس و ئاسایش کە

www.alibapir.net

هێمنیـــی و ئاشـــتیی نێوخـــۆ دەپـــارێزن ، هـــەموویان شـــایانی دەستخۆشـــیی و مایـــەی دڵخۆشـــیین و بـــە چـــاوی ڕێـــز و حورمەتـــەوە تەماشـــایان دەکەین ، خوا پاداشـــتیان بداتەوە ، ئەوانیش دەبـــێ خۆیـــان بە هـــی هەموو کەس بزانن ، خۆیان بـــە هـــی هـــیچ حیزبێـــك نـــەزانن ، هێـــزی پێشـــمەرگە ، پێشـــمەرگەی ئـــەم کوردســـتانەو ئـــەم خـــاکو وڵاتەیە ، وە ئاســـایش و پۆلیس ، وەك هەر کارمەندێکـــی دیکە ، دەبـــێ بە یـــەك چاو ســـەیری هاوولاتییـــانی ئـــەم خاکـــە بکـــەن ، ئێمـــە بـــەوە دەبینـــە میللەتێکـــی سەرکەوتوو ، بـــەوە ســـەر دەکەوین ، بـــەوە تۆکمـــەو دامـــەزراو دەبـــین ، وە هیوادارینشـــم ئـــەو بڕیارانـــەی کـــە دراون ، بـــۆ چاککردنی حاڵ و باڵی پێشـــمەرگە ، زوو جێبـــەجێ بکـــرێن ، وە لای چاکتر بەلای پێشمەرگەدا بکرێتەوە ، دوور لـــە موزایـــەدەی سیاســـیی و حیزبیی ، ئەو پێشمەرگانە ، ئێمە هەموومان منەتبـــارو قەرزداریـــانین ، هەڵبـــەتە خۆشمان هەر بە پێشمەرگە دەزانـــین و خۆشمـــا ن پێشـــمەرگە بووین ، بەڵام ئەوانەی کە لە سەنگەرەکاندان ، بەڕاستیی دەبـــێ بـــیری جیددیی بکرێتەوە لە چارسەری گرفت و کێشـــەی گوزەرانیان ، جێگـــەو ڕێگەیان ، بەرگ و پۆشاکیان ، نان و ئاویان ، ماڵ و خێزانیـــان ، وە ئـــەوە هیچ کەس نابـــێ بە منەت پێیان بفرۆشـــێ ، هیچ کەس نابـــێ وا بزانـــێ کە خێریـــان بـــێ دەکا ، یان پێیـــان بڵـــێ : مـــن وەك حیزبێـــك بۆتـــان دەکەم ، نا ، چونکە خێرو بێری ئەم وڵاتە ، هی خەڵکی ئـــەم وڵاتەیـــە ، وە پێشمەرگەکانیش بەشێکن لە خەڵکـــی ئەم وڵاتـــە .

٨/ کۆتــا برگــەم لـەم تــەوەری یەکـەمـە، بریتیــە لـە پتـەوکـردنـی ڕیـزەکـا نمـان:

هــەوڵ بـدەین وەك خەڵکــی ئـەم وڵاتــە: خــەڵکی هــەرێمی کوردستان، ڕیزەکانـمان پتەوتر بکەین لە هەموو ئاستەکاندا، ئەویش بـە زاڵکردنـی بەرژەوەنـدیی گشـتی بەسـەر بەرژەوەنـدیی تایبەتـدا، بەرژەوەندیی تایبـەتی، چ وەك شــەخص، چ وەك بنەماڵــە، چ وەك حیزب، چ وەك عەشـیرەت، چ وەك دەڤـەرو شـار، ئێمە با لە فـەزای فراوانی نیشـتیمان پەروەریی‌و وڵات پارێزیـی‌و خزمەتکردنی خەڵکدا بـژین، خۆمــان لـە قــاوغ‌و قـەپێلکی تەسـك نـەئاخنین، وە باتـەنیا خۆمــان‌و دەوروبەرمــان نەبینــین، بەتایبــەت هەرکەسـێك هــەر پۆستێکی هەیــە کە پۆستەکەی پەیوەندیی بە هــەموو خەڵکەوە هەیـە، پێویستە خۆی بـە خزمەتکــاری هــەموو خــەڵك بزانــێ، ئێمـە زۆر پێویستیمان بەوە هەیە کە یەکڕیزیـی خۆمان پتەوتر بکـەین، بەتایبـەت ئەگەر باسی سەربەخۆیی‌و دەوڵـەت بکـەین، کـە بەتەئکیـد یەکـەمین مـەرجی سـەربەخۆیی‌و لەسـەر پێــی خــۆ وەســتان، بریتیــە لــەو یەکڕیزیی‌و تەباییـە، دوور لە دەمارگـیریی حیزبیـی‌و . . . هتد.

www.alibapir.net

تــەوەری دووەم

نێوخۆی کۆمەڵی ئیسلامی

ameer.maktab@yahoo.com
/AliBapir /AliBapir /MediaAmeerOffice
www.alibapir.net

www.alibapir.net

١) ئامانجمان :

براو خوشکانی بەڕێز !

بۆ زانینی ئامانجمان ،سەرنجی هەموو لایەکتان ڕادەکێشم بۆ کاتی ئیعلان کردنی کۆمەڵی ئیسلامیی، کاتی خۆی گوتمان: ئەم کۆمەڵی ئیسلامییە، درێژە پێدەری ئەو کارو خەباتەیە کە بزووتنەوە پێشووەکان ئەنجامیان داوە ، ئنجا ئایا ئامانجمان چی بوو؟

ئامانجمان ئەوەبوو کە دەبێ هەر لایەنو ڕێکخراوێکی ئیسلامیی لە پێناویدا دروست ببێ: ئەویش ئەوەیە کە: خۆیو دەوروبەرەکەی بەو شێوەیە لێ بکا کە جێگای ڕەزامەندیی خوا بێ، لە ڕووی چاکترو قووڵتر تێگەیشتن لە دین، وە لە ڕووی چاکتر پابەند بوونەوە بە دین، بۆیە دەبێ ئێمە هەمیشە ئەو ئامانجەمان لەبەرچاو بێت.

ئنجا هەندێ کەس کە دەیستێ ئێمەی ئیسلامیی باسی پابەندبوون بە دینەوە دەکەین، دەڵێ: ئەدی کوا کوردایەتیی؟ کوا نیشتیمان پەروەریی ؟ کوا خزمەتی خەڵك؟

دەڵێین: خزمەتی خەڵكو، پاراستنی نیشتیمانو، بەختەوەرکردنی کۆمەڵگا، ڕووی دووەمی مسوڵمانەتییە، خوای زاناو شارەزا دەفەرموێ: ﴿ ...وَٱعۡبُدُواْ رَبَّكُمۡ وَٱفۡعَلُواْ ٱلۡخَيۡرَ لَعَلَّكُمۡ تُفۡلِحُونَ ۩ ﴿٧٧﴾ ﴾ الحج.

www.alibapir.net

واتــە: پەروەردگارتان بپەرستن و، چاکە بکەن، بۆئەوەی سەرفرازبن.

خوا پەرستیی و خەڵك دۆستیی، وەك خوای بەرزو مەزن دەفەرمویٚ:

﴿ إِنَّ ٱللَّهَ مَعَ ٱلَّذِينَ ٱتَّقَوا۟ وَّٱلَّذِينَ هُم مُّحْسِنُونَ ﴿١٢٨﴾ ﴾ النحل.

واتــە: بێگومان خوا لەگەڵ ئەوانەدایە، کە پارێزکارن و ئەوانەی، کە چاکـەکارن.

تەقـوا لەگـەڵ خوا، چـاکە لەگـەڵ خەڵکی خوا.

٢) بنەماکانی کارمان:

دیارە ئێمە لـە بنـەما شـەرعییەکان و هێڵە گشتییەکانی کۆمەڵی ئیسلامییدا، بـە تەفصیل باسمان کـردوە، وە من لێرەوە سەرنجی ئامادەبووانی کۆنگـرەی سێ ڕادەکێشم بۆ بەیاننامـەی کـاری کۆمـەڵی ئیسلامیی کـە لـەلاتان هەیـەو تەماشـای بکـەن، ئێمـە پێشتر وەك سـەرکردایەتیی کۆمـەڵی ئیسلامیی لەسـەر ئەو خاڵانـە پێکهـاتووین، هیوادارم ئێوەش دەنگیـان لەسەر بدەن، یان ئەگەر تێبینیتان لەسەریان هەبوو، دەوڵەمەندیان بکـەن، بۆیە من لێرەدا باسی بنـەماکانی کارمان ناکـەم و حەواڵەی نامیلکـەی (بنـەما شـەرعییەکان و هێڵە گشتییەکانی کۆمەڵی ئیسلامیی)تان دەکـەم کـە بـە کتێبـی: (ڕوونکردنـەوەی بنـەما شـەرعییەکان . . .) شـەرحمان کردوە، کـە هەتـا ئێستا سێ جار چاپ کراوە.

٢) کاتی خۆی بۆچی ئۆپۆزیسیۆن بووین، وە چۆن ئۆپۆزیسیۆن بووین ؟!

ئێمە کاتی خۆی واقیعی هەرێمی کوردستانمان دەبینی ، کە پێویستە دەنگێك هەبێ ڕەخنەگر بێ، چاودێر بێ بەسەر دەسەڵاتەوە، بۆئەوەی چاکسازیی بکاو دەست لەسەر کەم و کوڕییەکان دابنێ، بۆیە ئۆپۆزیسیۆن بوونمان هەڵبژارد، بەڵام چۆن ئۆپۆزیسیۆن بووین ؟

بە نەفسی خۆمان ، تەنیا تەماشای خاڵە ڕەشەکانمان نەدەکرد، وە تەنیا ڕەخنەگر نەبووین، بەڵکو کە هەستمان دەکرد بە هەستیاریی بارودۆخەکە ، هەوڵی ئاشتەواییشمان دەداو هەوڵی یەکدەنگیی و یەکڕەنگیشمان دەدا ، ئێمە بە نەفسی خۆمان موعارەزە بوونمان دەکرد.

پاشان کە بەشداری کابینەی هەشت بووین ، بۆچی بەشدار بووین؟

گوتمان قۆناغی ئۆپۆزسیۆن بوونمان گوزەراندوە ، ئەوەی کە پێویست بووە وەك موعارەزەیەکی ئیسلامییانەی سەرڕاستانە کردوومانە ، بە نەفسی خۆمان بەبێ لاسایی کردنەوەی خەڵك ، کە ڕەنگە خەڵکی بووبێ ، کاتی خۆی زۆری تێپەڕاندبێ ، ئێستا هەست بەو تێپەڕاندنەی خۆی بکات ، بەڵام ئێمە هەوڵمان داوە بە

www.alibapir.net

هاوسەنگیی قسەبکەین، کە ڕەنگە ئەو کاتە ڕەخنە لە ئیعتیدال و هاوسەنگیی ئێمە گیرابێ، بەڵام ئێستا دەرکەوتوە کە ئێمە پێکاومانە، دواییش کە بە پێویستمان زانی، بەشداری کابینەی هەشت بین، چۆن بەشدار بووین هەروا لە گۆڕە ؟

نەخێر، هاتن بۆ لامان لە هەموو ئاستەکاندا، داوایان لێکردین، ئێمەش کۆمەڵێك مەرجمان هەبوون، مەرجەکانمان بریتیی بوون لە :

چاکسازیی کردن و بە دامەزراوەکردنی کاروباری ئەم وڵاتە، وە دەبێ فۆرخکاریی و بێ عەدالەتیی نەمێنێ، وە گەندەڵیی بنبڕ بکرێ، وە یاسا سەروەر بێ، دەبێ پەرلەمان شوێنی بڕیار بێ، بە شێوەیەکی ڕاستەقینە، وە حکوومەت لە خزمەتی هەموو خەڵکدابێ، ئێمە مەرجەکانی خۆمانمان بۆ دووپات کردنەوە، وە بەڵێنیش درا کە چاکسازیی ڕیشەیی بکرێ ! .

بەڵام ئایا ئێستا ئەو حکوومەتە ئەو مەرجانەی ئێمە داوامان کردن و غەیری ئێمەش، وە ئەو بەڵێنەی ئەوان دایانن دەتوانین بڵێین جێبەجێ کراون؟

بە تەئکید ، نەخێر ، ناشڵێین : هیچ نەکراوە، بەڵام زۆریش لەو بەڵێنانەی کە دراون، کە دەبوو جێبەجێ بکرێن، جێبەجێ نەکراون .

٤) دەستخۆشیی و سوپاس و پێزانین :

براو خوشکانی بەڕێز ، ئامادەبووانی کۆنگرەی سێیەم !

من لێرەوە بە پێویستی دەزانم دەستخۆشیی بکەم لە هەموو لایەك، ڕێزو تەقدیرم هەیە بۆ هەر براو خوشکێك، چ ئێوە کە تەشریفتان لێرەیە، وە چ براو خوشکانی دیکەتان کە لە دەرەوەی ئەم هۆڵەن، کە ئێمە زیاتر لە دە بۆ دوازدە هەزار ئەندامان هەیە، من دەستخۆشیی لە هەموو لایەك دەکەم، ئێمە بە هەموومانەوە کۆمەڵی ئیسلامیین، وە من لێرەوە ئامۆژگارییەکی دڵسۆزانەی ئێوە دەکەم، وا مەزانن کارو جموجۆڵی کۆمەڵی ئیسلامیی، تەنها لەسەر شانی سەرکردایەتییە، سەرکردایەتیی بەتەنیا چی پێ دەکرێ، ئەگەر ئێوە هاوکار نەبن؟ وە چی پێ دەکرا، ئەگەر ئێوە هاوکار نەبوویان؟

وە بزانن کە ئەم کۆنگرەیە تەنیا بۆ ئەوە نابەسترێ کە سەرکردایەتییەك هەڵبژێرن و، هەموومان چاو لەو ببڕین، داخۆ چی دەکات؟

بەڵکو هەرکامێکمان دەبێ چاو لەخۆی ببڕێ، پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) ئەوەی فێری ئێمە کردوە:

﴿ كُلُّكُمْ رَاعٍ وَكُلُّكُمْ مَسْئُولٌ عَنْ رَعِيَّتِهِ ﴾{أخرجه أحمد (٥/٢، رقم ٤٤٩٥)، والبخاري (٨٤٨/٢، رقم ٢٢٧٨)، ومسلم (١٤٥٩/٣، رقم

www.alibapir.net

١٨٢٩)، وابو داود (٣/ ١٣٠، رقم ٢٩٢٨)، والترمذي (٤/ ٢٠٨، رقم ١٧٠٥}، وقال: حسن صحيح.

واتە: هەرکام لە ئێوە چاودێرەو بەرپرسیاریشە بەرامبەر بە خەڵکەکەی خۆی.

بەڵێ نابێ پێمان وابێ، کە کۆنگرە تەنیا بۆیە دەبەسترێ، سەرکردایەتییەکی تازە هەڵبژێردرێ و کارەکان حەواڵەی ئەو بکرێن!

نەخێر، لە ڕابردوودا وا نەبووە، وە لە داهاتووشدا نابێ وابێ، دەبێ ئێمە هەرکامێکمان خۆی بە ئەندامێکی سەرکردایەتیی و مەکتەبی سیاسیی بزانێ، وەهەر کامێکتان خۆی بە کەسی یەکەمی کۆمەڵی ئیسلامیی بزانێ، هەست بە بەرپرسیارێتیی بکا، ئێنجا کارمان ڕێك و ڕاست دەبێ.

دەستخۆشی لە هەموو ئۆرگانەکان دەکەم، ناوی کەس ناهێنم تاکو کە ناوی ئۆرگانێکم لەبیر چوو، گلەیی نەکات، دەستخۆشیی لە هەموو لایەك دەکەم، زۆر سوپاستان دەکەم، کۆمەڵی ئیسلامیی پێتان سەربەرزە، شتی خۆتان بەکەم مەزانن، ئەو ئاستەنگانەی هاتوونەتە بەردەم کۆمەڵی ئیسلامیی، ئەو هەورازو نشێوانەی ئێمە بڕیومانن، ڕەنگە خەڵکی دیکە نەتوانێ بیانبڕێ، خەڵکی دیکە هەیە بە زەبری پارەو ئیمتیازی مادیی، خەڵکی لە دەوری خۆی کۆدەکاتەوە، ئێمە بە دەست بەتاڵیی بە هەژاریی و نەداریی و بە لێقەوماویی بە زوڵم

لێکراوییو بە مەحرووم کراویی، لەم وڵاتەدا توانیومانە ئـەو ڕابـردووەی پێشوو بگوزەرێنین، وە بە تەئکیـد ئێسـتاو داهاتووش إن شـاء الله باشـتر ڕێ دەکەین، شتی خۆتان پـێ کەم نەبـێ، مـن کـە تەماشـای ئەنـدامانو کادیرانـی خۆمان دەکـەم، وا لێـبڕاوانەو دڵسۆزانە بە دەسـتی خـاڵیی لـە کارو چالاکیی ئیسـلامییـانەو خـەڵك دۆسـتانەی خۆیـان ناوەسـتن، لـە حاڵێکدا کە ناسیاوو نیزیكو دراوسێکانی ئەوان، کـە لەگـەڵ لایەنێکـی دەسەڵات دان، تەمەتتـوع دەکـەن بـە ئیمتیـازی مـاددییو مەعنـەویی، زۆرو زەوەندی بە هەقو بە ناهەق، بەڵام خۆیان لێـی بێبەشـن، کەچـی ئەوە سـاردیان ناکاتەوە، بۆچـی؟!

چونکە ئێمـە پێـش ئەوەی خەڵك ببینـین، خوا دەبینین، پـێش ئـەوەی دنیـا ببینین، دوارۆژ دەبینین، بۆیە من داوا لـە هـەموو خوشـكو برایـان دەکەم، کـە لەمـەودوا گرنگیـی زیـاتر بـدەین بـە: (کـاری ڕێکخسـتن) ڕێکخستن ڕەگو ڕیشـەی کارە، ئەو ڕەگو ڕیشـەیە کە بـوونو قـەبارەی ئاشـکرای حیـزب لەسـەری دەوەسـتـێ، وە گرنگیـی زیـاتر بـدەین بـە هۆنینـەوە، بە تێگـەیاندنو پێگـەیاندن، بـە بێـداریيو هۆشـیاریی لـە هـەموو ڕوویێکـەوە.

ameer.maktab@yahoo.com
/AliBapir /AliBapir /MediaAmeerOffice
www.alibapir.net

www.alibapir.net

٥) کـاری خوشـکـان :

خوشـکانمان نیـوەی ئێمـــەن، خوشـکانی بەڕێزمـــان، دایکـــانی بەڕێزمان، کچـە خۆشەویستەکانمان، دەبێ بە چـاوی ڕێـزو حورمەتـەوە تەماشـای کاریان بکەین، دەبـێ دڵخۆش بین بە کارو چالاکییەکانیـان، من زۆرجار گوتوومـە: هـەتا خوشـکێك بەقـەدەر برابـەك کـار دەکـا، دەبـێ دوو هێنـدەی ئەو ماندوو بـێ، بۆیە من لێرەوە بە هەموو ئەنـدامانی کـۆنگرە ڕادەگەیـەنم: دەسـتبارو هاوکـاری خوشـکەکانتان بـن، هـەر کۆمەڵگـایەك ئافـرەت تێیدا کاریگەرو کارانەبـێ، وە بـواری پێـەدرێ‌و ڕێـی پێ نـەدرێ، کۆمەڵگـایەکی لاتـەڵ‌و لاسەنگ دەردەچێ.

کێ جیـل پێ دەگـەیەنـێ؟ وەك (حافظ ابراهیم) دەڵـێ:

والأُمُّ مَدرسـةٌ إِنْ أَعْـدَدْتَـهـا   أَعـددْتَ شَعْباً طَيِّبَ الأَعـراقِ

کـێ منـداڵ پـێ دەگەیەنـێ؟ کـێ جگەر گۆشـەکان پێ دەگەیەنێ؟ کـێ دەبێتـە هۆکـاری ئەوە کـە هاوکـاری پیـاوبـێ؟

ئـافرەت، ئـافرەت زۆر ئـەرکی گـەورە گـەورەی لەسـەر شـانن، ئافرەتـان‌و پیـاوان کۆمـەڵێك ئـەرکیان هـەن، هاوبەشـن، لـە زۆربـەی ئەرکەکـانـدا هاوبەشن، وە ئافرەتـان کۆمەڵێك ئەرکی تایبەت بـە خۆیـان هـەن، وەك چۆن پیاوان کۆمەڵێك ئـەرکی تایبـەت بـە خۆیـان هـەن، بـەڵام لـە زۆربـەی ئەرکەکانـدا هاوبەشـن، وەك خـوای بـەروەردگار

www.alibapir.net

دەفەرموێ: ﴿ وَٱلْمُؤْمِنُونَ وَٱلْمُؤْمِنَٰتُ بَعْضُهُمْ أَوْلِيَآءُ بَعْضٍ يَأْمُرُونَ بِٱلْمَعْرُوفِ وَيَنْهَوْنَ عَنِ ٱلْمُنكَرِ وَيُقِيمُونَ ٱلصَّلَوٰةَ وَيُؤْتُونَ ٱلزَّكَوٰةَ وَيُطِيعُونَ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥٓ ۚ أُو۟لَٰٓئِكَ سَيَرْحَمُهُمُ ٱللَّهُ ۗ إِنَّ ٱللَّهَ عَزِيزٌ حَكِيمٌ ﴿٧١﴾ ﴾ التوبة.

واتە: پیاوان و ئافرەتانی ئیماندار هاوکارو پشتیوانی یەکدین، سەرپەرشتیاری یەکدین، {(أَوْلِيَآءُ) کۆی (ولِيٌّ)، واتە: سەرپەرشتیار، هاوکار، خۆشەویست، دۆست}، فەرمان بە چاکە دەکەن، ڕێگریی لە خراپە دەکەن، نوێژ بەرپا دەکەن، زەکات دەدەن، فەرمانبەریی خواو پێغەمبەری خوا دەکەن، هەر ئەوانەش خوا بەزەیی پێیاندادێ، بێگومان خوا زاڵی کاربزانە.

٦) قوتابیانمان و گەنج و لاوەکانمان:

پێویستە گرنگیی زیاتر بدەین بە پێگەیاندنیان، ئەمڕۆ چینی گەنج و لاومان لەژێر فشارێکی زۆردان، لە ڕاگەیاندنەکانی تەوژمی سیکۆلاریزمەوە، خەڵك بەرەو فەسادو داڕووخانی ئەخلاق دەبەن، بەداخەوە لەم وڵاتەی خۆماندا لایەنی سیاسیی وا هەیە، مەداری بە خەڵکێکی ڕەوشت داڕووخاو ساز دەبێ، بۆیە کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی

www.alibapir.net

خەڵك ئاراستە دەكەن، بۆ ئەوە كە ئاگایان لە ڕەوشتو بەها بەرزەكان نەمێنـێ، ئاگایان لە خواو قیامەت نەمێنـێ، بۆیە لەوبارەوە ئێمەی ئیسلامیی، ئەركی سەرشانمان زۆر قورسە .

٧) بانگەوازو پەروەردە :

پێویستە لەمەودوا گرنگیی زیاتر بدەین بە بانگەواز، بە پەروەردە، بە خۆپەروەردە كردنەوە، لە ڕووی: ئیمانیی، ڕووحیی، ئەخلاقیی، فیكریی، ئیداریی، وە بە زیاتر چوونە نێو خەڵكو بەرچاو ڕوون كردنەوەی خەڵكو كۆمەڵگا، من دڵنیاتان دەكەمەوە: ئەگەر ئەو خەڵكو كۆمەڵگایە وەك ئێمە لە ئیسلام تێبگا، ڕەنگە لە ئێمە چاكترو دڵسۆزتر بن، با گومانی خراپ بە خەڵك نەبەین، خەڵكێك كە بەدوای غەیری ئیسلام كەوتوە، لەبەر ئەوەیە كە لە ئیسلام تێنەگەیشتوە .

بەڵـێ، دەشزانم خەڵكێكیش هەیە تێدەگا، بەڵام بەرژەوەندیی لەوەدایە بەدوای غەیری ئیسلام بكەوێ، بەڵام زۆربەی خەڵك بە خۆشمانەوە، باش لە ئیسلام تێنەگەیشتووین، دەبـێ كاری زیاتری بۆ بكەین .

ameer.maktab@yahoo.com
/AliBapir /AliBapir /MediaAmeerOffice
www.alibapir.net

www.alibapir.net

٨) تەبـایی و یەکـڕیزیـی نێوخۆمــان :

سوپاس بۆ خـوا تـەبایی و یـەکڕیزیی و خۆشەویسـتیی لەنێومانـداو لـە هـەموو ئاسـتەکاندا هەیە، بەڵام دەبـێ زیـادی بکـەین، ئێمـە لـە خـوا بەزیـاد بـێ تەبـاین و یـەك ڕیـزین و مەحەببـەتی زۆر هەیـە، بـەڵام پێویسـتی بە زیاتر قووڵ بوونەوەو ئاگا لێبـوون هەیـە، زیـاتر چـاودێریی بکـەین، با کۆمەڵی ئیسـلامیی بوون، بکەینـە سـەنگی مەحـەك، نـەك ئینتیمـا بۆ شـارو بۆ ناوچەو بۆ عەشـیرەت و بـۆ خـەباتێکی پێشـوو، بـە عینوانێکی دیکـە، ئێمـە بڕیارمان داوە کۆمەڵـی ئیسـلامیی بین، ئینتیمـا بۆ کۆمەڵی ئیسـلامیی، سـەنگی مەحەکـە.

پاشـان دەبێ ئاگـامان لـێبـێ: خـاوەن بڕوانامـەو بـێ بڕوانامـە، یـان ئەوە بەتەمەنـەو، ئەوە کەم تەمەنـە، ئەو ئیعتیبـارانە دەبـێ لێیـان بەئاگـا بـین، ئێمـە پێویسـتمان بـە خـەڵکی بەتەمـەن و بـە ئـەزموون هەیـە، وە پێویسـتیمان بە گەنجی بە حەماسـەت و خوێنی گـەرمی تازەش هەیـە، لـە هیچیـان بـێ نیـاز نـین، دەبـێ تەواوکـەری یەکـدی بـین، وە دەبـێ هـەمووشمان شـان بدەینـە بـەر کارەکـان، هەنـدێکمان بـۆ هەنـدێکی دیکەمـان لێیـان نەگـەڕێین.

ameer.maktab@yahoo.com
/AliBapir /AliBapir /MediaAmeerOffice
www.alibapir.net

www.alibapir.net

٩) گۆڕانکاریی و چاكسازیی، بەردەوام پێویستە :

کە ئێمە بەتەمایـن لـەم کۆنگرەیـەوە گۆڕانکاریی بکـەین و دەبێ خۆمانی بۆ ساز بکـەین، گۆڕانکاریی لە چیـدا ؟

خوشك و برایان !

خۆتان ئاگاداری وەزعی دارایی هەرێمی کوردستان هەن، وە کۆمەڵی ئیسلامییش بەتایبەت، بۆیە ئێمە هیچ چارمان نیە، دەبێ بەرەو سادە ژیان بڕۆین و، بەرەو کەم کردنەوەی مەسرەف بڕۆین، بەرەو قەناعەتی زیاتر بچین، بۆ ئەوەی بتوانین درێژە بە کارەکانمان بدەین، پێشتریش بە قەناعەت بووین و سادە ژیاوین، بەڵام دەبێ ئەو خاڵە زیاتر ئاگامان لێی بێ، دەبێ بارەگاکان کەم بکەینەوە، بەڵام هەوڵ بدەین دڵی هەر کامێکمان بنکەیەك بێ، بۆ کارو پڕۆژەی ئیسلامیی، عەقڵی هەر کامێکمان بنکەیەك بێ و، کاری ئیسلامیی نابێ لەسەر چوار دیوارێك پەکی بکەوێ !.

ameer.maktab@yahoo.com
/AliBapir /AliBapir /MediaAmeerOffice
www.alibapir.net

www.alibapir.net

١٠) بە نسبەت چۆنیەتی بەڕێوەبردنی کارەکانی کۆنگرەوە :

سەرەتا دەستخۆشیی گەرم لە لیژنەی باڵای ئامادەکاریی کۆنگرە دەکەم ، وە هەموو لیژنەکانی دیکە کە پێم وایە سەرکەوتووانە کۆنفرانسەکانیان بەستن ، وە پیرۆزبایش دەکەم لەو برا بەڕێزانەی بوونە بەرپرسی مەڵبەندەکان ، وە ئومێدەوارم ئەوان بە سوود وەرگرتن لە ئەزموونی برا پێشووەکانیان ، کاری خۆیان چاکترو دەوڵەمەندتر بکەن ، کۆمەڵی ئیسلامیی توانی یازدە (١١) کۆنفرانس بگرێ ، یازدە ئەندامی سەرکردایەتیی ئێستا لەنێو ئەم کۆنگرەیەدان ، ئەوەش سەرکەوتنێکی گەورە بوو ، بەبێ کێشەو مشت و مڕێك کە شایانی باس بێ کۆنفرانسەکان بەستران .

هەڵبەتە وتوویژو موناقەشە کاتێك لەنێو کۆنفرانسدا دەبێ ، ئەوە نیشانەی زیندوویێتیی خەڵکە ، بەڵام لە چوارچێوەی ئەدەب و ڕێزلێگرتن و دڵ ڕاگرتنی یەکدیی و ، ئەو ڕەوشت و ئەدەبانەدا کە ئیسلام فێری کردووین .

ئنجا ئێمە بۆ چۆنیەتی ئەنجامدانی کارەکانی کۆنگرە ، پێویستە بەرپرسانە مامەڵە بکەین ، وە ئیجابییانە قسە بکەین ، پێشنیار دەکەین تێبینی دەخەینە ڕوو ، ئێمە وەك کۆمەڵی ئیسلامیی خەڵکی خۆمان هەر ئاوا عادەت داوەو وامان ڕاهێناون ، وە ئەوەش بەڕاست دەزانین ،

www.alibapir.net

بوار هەیە بۆ ڕاجیایی، بۆ ئیختیلافی سەلیقە، ئێمە بەڕاستی نازانین خەڵکی هەموو لەیەك قاڵب بدەین، لەو شتانەدا کە ڕاجیایی هەڵدەگرن، لەو شتانەدا کە بیرو بۆچوونی جیا جیا هەڵدەگرن، هاوەڵانی بەڕێز خوا لێیان ڕازی بێ، زۆر زۆر لە ئێمە چاکتر بوون، بەڵام نەیانتوانیوە ڕاجیا نەبن، ئەبو بەکرو عومەر، عوسمان و عەلی خوا لێیان ڕازی بێ، نەیانتوانیوە ڕاجیا نەبن، لەو مەسەلانەدا کە دەقیان لەسەر نیەو، دەق یەکلایی نەکردوونەتەوە، ئێمەش ئەگەر لەگەڵ یەکدا ڕاست بکەین، ناتوانین لەگەڵ یەکدی ڕاجیا نەبین، بەڵام با دڵمان جیا نەبێ، خوای کارزان باسی یەکەوە جۆشدانی دڵەکان دەکات، دەفەرموێ: ﴿ وَأَلَّفَ بَيْنَ قُلُوبِهِمْ ...﴿٦٣﴾ ﴾ الأنفال.

نافەرموێ: (والف بين عقولهم)، با ئێمە دڵمان بەیەکەوە بێ، با ڕامان جیا بێ، با بۆچوونمان جیا بێ، بەڵام با دڵەکان بەیەکەوە پەیوەست بن، هیچ کەسێ ئەوی دیکە تۆمەتبار نەکات، کە خۆی لەو مسوڵمان ترە، یان لە بەرامبەرەکەی دڵسۆزترە، دەبێ حەقمان بەسەر نیەتی یەکدییەوە نەبێ، ئێمە مامەڵە دەکەین لەگەڵ ڕواڵەت و ئاشکرای یەکدیدا، بڵێ: ئەو قسەیەی تۆ بەو بەڵگەیە هەڵەیە، بەلاّن حەقم بەسەر دڵتەوە نیە.

وە داوا دەکەم هەموو لایەك بە باشیی پابەند بین بە ئاراستەکانی لیژنەی ئامادەکاریی کۆنگرەوە.

www.alibapir.net

ameer.maktab@yahoo.com
/AliBapir /AliBapir /MediaAmeerOffice
www.alibapir.net

تەوەری سێیەم و کۆتایی :

پەیوەندیمان، لەگەڵ خۆمان و لەگەڵ خواو، لەگەڵ خەڵکدا

ئەو فەرمایشتە بـە پێـزەی پێغەمبـەری خـوا (صـلى الله عليـه وسـلم) دەخەمـە بەرچـاوی هەمووتـان، دەفـەرموێ: ﴿اتَّقِ اللَّهِ حَيْثُمَا كُنْتَ، وَأَتْبِـعْ السَّـيِّئَةَ الْحَسَـنَةَ تَمْحُهَـا، وَخَالِـقِ الـنَّاسَ بِخُلُـقٍ حَسَـنٍ﴾ {أخرجـه أحمـد بـرقم (٢١٣٩٢)، والترمـذي بـرقم (١٩٨٧) وقـال: حسـن صـحيح، والـدارمي بـرقم (٢٧٩١)، والحـاكم بـرقم (١٧٨) وقـال: صـحيح على شرط الشـيخين، ووافقـه الذهبـي، والبيهقـي فـي شعـب الإيمـان، بـرقم (٨٠٢٦)، وأخرجـه أيضًـا: البـزار، بـرقم (٤٠٢٢) وأبو نعيم، في الحلية، برقم (٣٧٨)}، قال الألباني: حديث حسن، قال شعيب الأرنؤوط : حسن لغيره.

واتـە: لە هەر شـوێنێك هەی، لە هەر حاڵێكـدا هەی، پارێز لـە خـوا بكە، {پەیوەندییـت لەگـەڵ خــوادا لەســەر تـەقوا بنیــات بنــێ}، وە بەدوای خراپەدا چـاكە بكـە دەیسـڕێتەوە، {پەیوەنـدییت لەگـەڵ خۆتـدا لەسـەر ئەوە بنیـات بنـێ كە لە خـۆت وریـا بـی، خراپـە نەكـەی، كـە كــردت بیســـڕەوە، هەمیشـــە خـــۆت خـــاوێن ڕاگـــرە، پـــاك بـــە، دەرودەروونـت پـاك بـێ، لەگـەڵ خواو خەڵكـدا پـاك بـە}، وە لەگـەڵ خەڵكیشـدا بە ڕەوشــتی جـوان مامەڵـە بكــە.

خوشك و برا بەڕێزەكانم!

<u>یەكەم</u> : پەیوەندیی لەگەڵ خوادا: كە لە (تقوی)دا بەرجەستە دەبێ :

١) بەر لە هەموو شتێك پەیوەندیی لەگەڵ خوادا پێویستی بە زانیاریی و بەرچاو ڕوونییە، دینداریی بە شارەزایی و بەرچاو ڕوونیی دەكرێ، خوای پەروەردگار بە پێغەمبەری خاتەم (صلی الله علیه وسلم) كە نەخوێندەوار بووە، دەفەرموێ: ﴿ اَقْرَأْ ﴾، لە یەكەمین وشەیدا بۆ پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم) پێی فەرموو بخوێنە!.

هەروەها خوای كاربەجێ پێی دەفەرموێ:

﴿ فَاعْلَمْ أَنَّهُۥ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا ٱللَّهُ ﴿١٩﴾ ﴾ محمد.

واتە: بزانە! كە بێجگە لە خوا هیچ پەرستراوێك نیە.

بۆیە لێرەوە لێتان تەئكید دەكەمەوە، كە هەرچی زووترە شارەزا بن، لە قورئان و سوننەتدا، لە شەریعەتدا، ئینجا بە ڕاو بۆچوون و ئیجتیهادەكانی زانایانی پێشوو ڕەزاو ڕەحمەتی خوایان لێبێ، مەكەن، ئەوان وەڵامی پرسیارەكانی ڕۆژگاری خۆیانیان داوەتەوە، ئێمەش مولزەمین بە تەماشا كردنەوەی دووبارەی قورئان و سوننەت، وەڵامی پرسیارەكانی ڕۆژگاری خۆمان بدەینەوە، ئەو

www.alibapir.net

پرسیارانەی کە لە ڕۆژگاری ئەواندا هەر خەونیشیان پێوە نەبینیون، تاکو وەڵامیان بدەنەوە، با ئێمە لە مێژوودا نەژین و لە واقیعدا بژین، بەڵام بە پشت بەخۆ بەستن، وە لەسەر پێی خۆ وەستان، نەك لاسایی کردنەوەی خەڵك.

٢) پێویستیمان بەوە هەیە کە بەردەوام ئیمانمان نوێ بکەینەوە: هاوەڵان کە دەگەیشتن بەیەکدی یەکێکیان دەیگوت: وەرە با ئیمان بێنین و ئیمان نوێ بکەینەوە، دەبێ هەمیشە ئاگامان لەو هۆکارانە بێ کە ئیمان بەهێز دەکەن، وە ئەو هۆکارانەی ئیمان بێهێز دەکەن، زانایان دەڵێن:

(الإِيمانُ يَزِيدُ وَيَنقُص، يَزِيدُ بالطّاعة وينقص بالمَعصية).

کەواتە: با لە تاعەت زیاد بکەین، تاکو هەمیشە ئیمانێکی گەرم و گوڕ و تازەمان هەبێ، وەبا ئاگامان لە گوناح و سەرپێچیی بێ.

٣) دەبێ ئاگامان لە ئیخلاص و تەنیا خوا بێ مەبەست بوون بێ.

براو خوشکەکان!

بەبێ ئیخلاص ئینسان هیچی دەستگیر نابێ و دەبێتە سەبانی بووشی و لە قیامەت دا ڕەنجەڕۆ دەبێ، ئاگاتان لە خوا بێ

مەبەست بوون بێ، بۆ هەر قسەیەك كە دەیكەن، وە هەر ڕەفتارێك كە دەینوێنن، بێشی خوا بێنن، خوای پەروەردگار دەفەرموێ:

﴿ وَمَآ أُمِرُوٓاْ إِلَّا لِيَعْبُدُواْ ٱللَّهَ مُخْلِصِينَ لَهُ ۝٥ ﴾ البينة.

واتە: فەرمانیان پێ نەكراوە، مەگەر بەوە كە بە ساغیی بەندایەتیی بۆ خوا بكەن.

٤) ئاگامان لە وردتێگەیشتنی ئیسلام و قورئان و سوننەت بێ، با سەرکێڵ و ڕووكەش بین نەبین، پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) دەفەرموێ:

﴿مَنْ يُرِدْ اللَّهُ بِهِ خَيْرًا يُفَقِّهْهُ فِي الدِّينِ﴾ { اخرجه احمد، برقم (١٦٨٨٥) }قال الشيخ شعيب الأرناؤوط: حديث صحيح.

واتە: هەركەسێ خوا خێری بۆی بوێ، لە دینا شارەزای دەكا.

جیاوازیی پێشەوایانی ئێمە لەگەڵ خەڵكی دیكەدا، كە لە سەردەمی ئەواندا بوون، چییە؟

بێگومان یەكەمین جیاوازیان ئەوەبوو كە پێشەوایانمان باش لە دین تێگەیشتوون، عەبدوڵڵای كوڕی عەبباس پێغەمبەری خاتەم

www.alibapir.net

(صلى الله عليه وسلم) دوعای بۆ دەکا دەفەرموێ:

﴿اللَّهُمَّ عَلِّمْهُ الْكِتَابَ﴾ {أخرجه البخاري، برقم (٧٢٧٠)}.

واتە: ئەی خوایە! لە کتێبی خۆتدا زانای بکە.

ئێمەش دەبێ قووڵ و وردلە ئاینی حاڵی بین، زۆربەی ئەوانەی کە رەخنە لە ئیسلام دەگرن، بەهۆی هەڵەو پەڵەو کرج و کاڵیی مسوڵمانانەوەیە، کە باش لە دینەکەیان تێنەگەیشتوون.

٥) با پشتیشمان بە خوا قایم بێ و پشت بە خوا ببەستین:

﴿وَعَلَى ٱللَّهِ فَلْيَتَوَكَّلِ ٱلْمُؤْمِنُونَ ﴿١٦٠﴾﴾ آل عمران، لە هەڕەشەو گوڕەشە مەترسن، هەندێ براو خوشك، هەندێ کەس پێی وایە کە تۆ مادام بە ڕێی خوادا دەڕۆی، نابێ ناخۆشییت بێتە ڕێ، نابێ کەس بڵێ: ماڵت لە کوێیە؟

نەخێر، ئێمە بەو بڕیارە دینداریی و خوا پەرستییمان دەست پێ نەکردوە، ئێمە ئەگەر لە جەنگ و جیهادیشدا نەبین، دەبێ هەمیشە فیداکاربین، داواتان لێ دەکەم ڕووحی فیداکاریی و خۆبەخت کردن، هەمیشە بە گەرم و گوڕ ڕابگرن، ئیسلام تەنیا کەسانێك دەتوانن تا سەر لەگەڵیدا بڕۆن، کە ئامادەبن

www.alibapir.net

سەروماڵیان لە پێناوی دا بەخت بكەن، مەرج نیە تەنها لە سەنگەر دابی: دەگیرێی، دەكوژرێی، مەحرووم دەكرێی، دەبێ دڵ فراوان و بار قوول و بە حەوسەڵە بی، دەبێ بێباك بی، خوای پەروەردگار باسی ئەوانە دەكا كە دەیانهێنێ بۆ ئەوەی دینی خۆیان پێ بپووژێنێتەوە، ئاوا وەسفیان دەكا:

﴿ يُحِبُّهُمْ وَيُحِبُّونَهُۥٓ أَذِلَّةٍ عَلَى ٱلْمُؤْمِنِينَ أَعِزَّةٍ عَلَى ٱلْكَـٰفِرِينَ يُجَـٰهِدُونَ فِى سَبِيلِ ٱللَّهِ وَلَا يَخَافُونَ لَوْمَةَ لَآئِمٍ ﴿٥٤﴾ ﴾ المائدة

یەكێ لە سیفەتەكانیان ئەوەیە كە لە لۆمەی لۆمەكاران ناترسێن.

دووەم: پەیوەندیی نێوان خۆمان:

براو خوشكەكانم!

خوا هەمیشە كە باسی پەیوەندیی نێوان خۆمان دەكا، پێشێ باسی تەقوا دەكا: ﴿ فَٱتَّقُوا۟ ٱللَّهَ وَأَصْلِحُوا۟ ذَاتَ بَيْنِكُمْ ﴿١﴾ ﴾ الأنفال،

﴿ إِنَّ ٱللَّهَ مَعَ ٱلَّذِينَ ٱتَّقَوا۟ وَّٱلَّذِينَ هُم مُّحْسِنُونَ ﴿١٢٨﴾ ﴾ النحل،

﴿ وَمَنْ أَحْسَنُ دِينًا مِّمَّنْ أَسْلَمَ وَجْهَهُۥ لِلَّهِ وَهُوَ مُحْسِنٌ ﴿١٢٥﴾ ﴾ النساء.

www.alibapir.net

كەواتــە : بەیەكـــەوە چـــاك بووڼمـــان، بـــراو خوشـكی بۆیـەك بـاش بوونـمان، بەرهەمی بۆ خـوا صـــوڵحانمانە، ئەگـەر بـۆ خـوا صـوڵحاو بین، بەیەكـەوە براو خوشـكی چـاك دەبین، هەر خەلـەل‌و تێكچـوونێك لە پەیوەندییـەكـانماندا هـەبـێ، دەبێ چاو بگێڕینـەوە بـە پەیوەندییـمـــان لەگـەڵ خوادا .

پێشـــینان جوانیـــان گوتـــوە : {لــەو كەســـە بترســـێ، كـە لـە خـوا ناترسـێ} ئەگـەر وەك عەبدولقـادری گەیلانیـی دەڵـــێ :

{صِـدقٌ مَعَ الحَـق، خُـلُق مَعَ الخَـلق} .

لەگەڵ خوادا ڕاسـت بی، لەگـەڵ خەڵكدا چاك دەبی .

دەبـــێ كـــار لەســـەر خۆمـــان بكـــەین، لـــە پەیوەندییـــەكـــانی نێـــوان خۆماندا، ڕێزو حورمـەت لە یەكـدی بگـرین، هیچ كـەس خـۆی پـێ لەوی دیكـە چاكتر نەبـێ، یەكـێ لـە سیفەتەكانی مسـوڵمان كـە خـوا فەرمانـی پـێ دەكـا ئەوەیـە، كە دەفـەرموێ :

﴿ فَلَا تُزَكُّوٓاْ أَنفُسَكُمۡۖ هُوَ أَعۡلَمُ بِمَنِ ٱتَّقَىٰٓ ٣٢ ﴾ النجم.

واتــە : خۆتـان بە پاك‌و چاك مەزانن، هـەر ئـەو (خـوا) دەزانـێ كـێ پارێـزی كردوە .

ameer.maktab@yahoo.com
/AliBapir /AliBapir /MediaAmeerOffice
www.alibapir.net

بەکێ تەقوا لەوەدا دەبینێ بەو شێوەیە دینداریی بکا ، بەکێکی دیکە تەقوا لە شتێکی دیکەدا دەبینێ ، تەقوا زۆر شوێنەواری هەن، تەقوا لە شتێكو دوو شتدا کورت نەبۆتەوە، جارێ ڕیشەی تەقوا لە دڵدایە ، بەڵام شوێنەواری لەسەر ئینسان دەردەکەوێ ، پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) لە فەرموودەیەکدا ، سێ جاران ئاماژەی بە سینەی موبارەکی کرد ، فەرمووی:

﴿التَّقْوَى هَاهُنَا، وَيُشِيرُ إِلَى صَدْرِهِ ثَلاثَ مَرَّاتٍ﴾ {اخرجه الترمذي، برقم (١٩٢٧) وقال: حسن غريب، واخرجه ايضًا: احمد، برقم (٨٠٨٩)}.

هاوەڵانی بەڕێز وابوون خوا لێیان ڕازی بێ ، بەکیان لە مەیدانی جەنگو جیهادا ، ئەوی دیکەیان لە مەیدانی عیلمدا ، ئەوی دیکە لە مەیدانی کۆمەڵایەتیدا ، ئەوی دیکە لە بواری عیبادەتی کەسیدا ، ئەسپی خۆی تاوداوە ، وە دەبێ ئێمە هیچ براو خوشکێکمان بێ زیادنەبێ ، ئەو براو خوشکانەی کە پێیان کراوە هاتوونە کۆنگرە بەخێر بێن سەرچاوو ، ئەوانەی بۆیان نەکراوە ، بێن ، چ وەك پرنسیپی حیزبیی نەگونجاوە بێنو هەڵنەبژێرراون ، یان دیاریی نەکراون ، یاخود عوزرێکیان هەیە ، یان هەر نەهاتوون لەبەر هەر هۆیەك بێ ، هەر براو خوشکی خۆمانن ، ئێمە هەموو پێکەوەین پێکەوە جوانین ، پێکەوە مەعنا دەدەین ، ئینسان کە ڕستەیەك دێنێ ،

www.alibapir.net

لە زمانی کوردیدا : کردارو ناوو پیتی ، تێدانو هەموویان پێکەوە مانا دەبەخشن ، جاری وا هەیە ڕستەیەکی درێژ ، یەکی لەسەر پیتێك دەکەوێ ، ئێمەش هەموومان بە یەکەوە جوانین ، کەسمان بێ زیاد نیەو ڕێزو حورمەتمان بۆ هەریەکێکە لە شوێنی خۆیدا .

براو خوشکەکان !

ئێمە بەبێ یەکدی قبوولّ کردن بە تایبەتمەندییەکانی یەکدییەوە، ناتوانین بەردەوام بین ، دەبێ یەکدیمان بە تایبەتمەندییەکانەوە قبوولّ بێ ، وە شتێك کە لە چاوی مندا کەم و کوڕییە ، ڕەنگە لە چاوی خۆتدا شتێکی باش بێ ، وە ڕەنگە تۆ کەم و کوڕییەك لە مندا ببینی ، من لەلای خۆمەوە پێم باش بێ ، گرنگ ئەوەیە ئێمە بە میزاج بە یەکەوە ڕەفتار نەکەین ، تەرازوو قورئان و سوننەت و شەریعەتە ، نابێ هیچ کەس بەتەما بێ ، هەمووان بێنە سەر ئەو میزاج و مەشرەبەو مەسەلەکەی کە ئەو لەسەریەتی ، هاوەڵان کە باشترین جیلی مسوڵمانانن ، وا نەبوون ، خوا بە کەسی نەفەرمووە : لێیان ڕازیم و ڕازیشیان دەکەم ، بە هاوەڵان نەبێ ، کەچی دەبینین یەکێ لای زوهدی زیاتر گرتوە ، ئەویدی عیبادەتی تاکەکەسی ، ئەوی دیکە لای عیلم و مەعریفەت . . . هتد ، هەر کامێکیان لە قوڵی خۆیەوە ڕۆیشتووەو بە هەموویان ئەو بینایەی ئیسلامییەیان بنیات ناوە ، کە ئێستا ئێمە خۆمانی تێدا دەبینینەوەو ، خۆمان بە درێژەپێدەری دەزانین .

باشان ئەگەر زۆر لێکردن لە دیندا نەبێ، لە بیروڕاو مەزهەبو ئیجتیهاددا هەر نیە، برایەك خوشكێك بۆچوونێكی هەیەو پێی موقتەنیعە، دەبێ مەجالی بێ بدەین، وە بۆ ساغ كردنەوەی ڕایەكان، دەبێ وتوویژ بكرێ، وە هەركەسێ حەقی كەوتە بەرچاو دەمارگیریی و نیەتی پێش وەخت، ڕێی لێ نەگرێ، وەری بگرێ.

سێیەم: پەیوەندییمان لەگەڵ خەڵك دا:

پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) فەرموویەتی:

﴿وَخَالِقِ النَّاسَ بِخُلُقٍ حَسَنٍ﴾

لەگەڵ خەڵكدا خۆش ڕەفتاربە.

خوای پەروەردگار پێمان دەفەرمووێ:

﴿وَأَحْسِنُوٓا۟ إِنَّ ٱللَّهَ يُحِبُّ ٱلْمُحْسِنِينَ ﴿١٩٥﴾﴾ البقرة، چاكە بكەن، خوا چاكەكارانی خۆش دەوێن.

لەگەڵ كێدا چاكە بكەین؟

لەگەڵ هەموو خەڵكدا، ﴿وَقُولُوا۟ لِلنَّاسِ حُسْنًا ﴿٨٣﴾﴾ البقرة. شتی چاك بە خەڵكی بڵێن، هەروەها دەفەرمووێ:

﴿وَقُل لِّعِبَادِى يَقُولُوا۟ ٱلَّتِى هِىَ أَحْسَنُ ﴿٥٣﴾﴾ الإسراء.

بە بەندەكانم بڵێ: كامە قسەی باشترە، با ئەوە بكەن.

www.alibapir.net

من لێرە داوا دەکەم لە هەر براو خوشکێك، وە پێشی ئامۆژگاریی خۆم دەکەم، کە ئاگامان لە زمانمان بێت، ئاگامان لە تەعبیرەکانمان بێ، هەڵبەتە پێش ئەوە ئاگامان لە دڵو دەرونمان بێ، نەك تەنیا لەنێو خۆماندا، لەگەڵ خەڵکیشدا، پێغەمبەران سەلامی خوایان لێبێ لەگەڵ خەڵکدا دڵسۆز بوون، (هود) علیه السلام بە گەلی (عاد) دەڵێ:

﴿وَأَنَا لَكُمْ نَاصِحٌ أَمِينٌ ﴿٦٨﴾﴾ الأعراف.

من بۆ ئێوە ناصیحێکی ئەمینم.

(ناصح) یانی: دڵسۆز، زانایان دەڵێن: (النصح: هو إرادة الخير للمنصوح).

(نصح) بریتییە لەوە کە ئەو کەسەی قسەکەی ئاڕاستە دەکەی، چی بۆ ئەو چاکە، ئەوت بوێ، بۆیە پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) فەرموویەتی:

﴿الدِّينُ النَّصِيحَةُ، قَالُوا: لِمَنْ يَا رَسُولَ اللَّهِ؟ قَالَ: لِلَّهِ وَلِكِتَابِهِ وَلِرَسُولِهِ وَلِأَئِمَّةِ الْمُسْلِمِينَ وَعَامَّتِهِمْ﴾ {اخرجه الترمذي، برقم (١٩٢٦)، وقال: حسن صحيح، والنسائي، برقم (٤١٩٩)}.

واتە: دینداریی دڵسۆزییە، گوتمان: بۆ کێ ئەی پێغەمبەری خوا؟

www.alibapir.net

فەرمووی: بۆ خوا، {بۆ خوا دڵسۆزیە بە ساغیی لەگەڵ خوادا مامەڵە بکە}، وە بۆ کتێبی خوا {لەگەڵ قورئاندا ڕاست و ساغ بە، هیچ ئەمرو فەرمانێکی قورئان ڕەت مەکەوە و هەوڵ بدە پاشی تێبگەی، ئەوە دڵسۆزییە بۆ قورئان} وە بۆ پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم)، وە بۆ کاربەدەستانی مسوڵمانان، وە بۆ خەڵکی بە گشتی.

لە کۆتاییدا دەڵێم:

ئومێدم وایە ئەم کۆنگرەیەی سێیەمی کۆمەڵی ئیسلامیی، کۆنگرەیەك بێ، تێیدا دەست بخەینە سەر کەم و کورییەکانی ڕابردوومان، بەڵام ئاگامان لەخۆمان بێ: ستەم بۆخۆمان نەکەین، وە لەگەڵ خۆشماندا بێ ئینصاف نەبین، دەست بخەینە سەر کەم و کورییەکانمان بۆ چاك کردنیان، نەك بۆ خۆ نائومێد کردن، وە بەرەو ئایندەیەکی ڕۆشن بڕوانین، بەڵام زەرب بەسەر ڕابردووی خۆماندا نەهێنین، وە زەرب بەسەر ڕابردووی کەسدا نەهێنین، ئێمە وەك زنجیرێکین کە لە چەند ئاڵقەیەك پێك هاتوە، ئەم ئاڵقەیەی ئێستا تێیداین، ئاڵقەکانی پێشیی لێکەوە، زنجیر نامێنێ، یەك ئاڵقە دەمێنێتەوە، ڕابردووەکەمان ئێستامانی لێکەوتۆتەوە، ئێستاشمان داهاتوومانی لێ دەکەوێتەوە، بە ئومێدی ئەوەی لە ڕابردوودا چی چاکمان کردوە، چاکتری بکەین، وە چ کەم و کوڕیی و

خەلـەلێکمـــان هەیـــە، دەســتی لەســـەر دابنـێـین، وە چارەسـەری بـۆ دابنـێن، وە بۆ داهـاتووش پلان و نەخشـەیەکی چـاك دابنێین، کـە ئێمـە ئەم کۆمـەڵی ئیسـلامییە زیـاتر بکەینـە جێـی ئومێـدەوار بـوونی خـەڵکی هەرێمـــی کوردســـتان، زیـــاتر وای لێبکـــەین بچێتـــە عـــەقڵ و دڵـــی خەڵکـەوە، ئەو ئامانجـانەی کە کۆمەڵی ئیسـلامیی لەبەرچاوی گرتوون، ئەو ئامانجـانە باشـتر جێبـەجێ بکـەین، وە بە تەئکیـد ئـەو ئامانجـانەی ئێمە هەمانن، کـە شـەریعەت سـایەو سـێبەری خـەڵك بـێ، دادگـەریی بچەسپێ، تـەبایی هـەبێ، گەنـدەڵیی و قۆرخکـاریی نەمێنـێ، ئـەوە بـە هەمووومـان دەکـرێ، با خەڵکی قەناعەت پـێ بێـنین، زیـاتر لەگەڵمانـدا هاوکـارو دەسـتبارگر بـن، بۆ هێنـانەدی ئەو ئامانجـە گەورەو گرنگـانە.

سُبْحَانَك ربّك ربّ العزّة عمّا يَصِفون وسلام على المرسلين والحمد لله ربّ العالمين.

ameer.maktab@yahoo.com
/AliBapir /AliBapir /MediaAmeerOffice
www.alibapir.net

نێوەڕۆك

بابـــەت	لاپەڕە
پێشـەکی.	٤
تەوەری یەکەم : بۆچوونو هەڵوێستەکانـمان .	٩
تەوەری دووەم : نێوخـۆی کـۆمەڵی ئیسلامیی .	٢٣
تەوەری سـێیـەم : پەیوەندییمـان لەگـەڵ خۆمانو، لەگـەڵ خـواو، لەگـەڵ خەڵکـدا .	٣٨
نێـوەڕۆك .	٥٢

ameer.maktab@yahoo.com
/AliBapir /AliBapir /MediaAmeerOffice
www.alibapir.net

www.alibapir.net

ameer.maktab@yahoo.com

/AliBapir /AliBapir /MediaAmeerOffice

www.alibapir.net